خەبات XEBAT
www.xebat.net
دوو شەممە 2018/4/16 ژمارە (5488)

### عومەر عوسمان مێرگەسۆری:

# لە داستانی کۆڕێدا پێشمەرگە وەک قەڵغانێکی پۆڵاین پێشی لە پێشڕەویی هێزی دوژمن گرت

**زانیار سەردار قڕگەیی**

سەرەتای قۆناغی هەڵمەتی دەسپێکی ئازادی و ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری 1991 دا بوو کە ئازایەتی و جوامێری و خۆنەویستی ڕۆڵەکانی بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و نەتەوەکەی بە دیار کەوت، هەروەها بۆ بەرقەراربوونی ئازادی و دیموکراسی و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی لە دژی دوژمن ڕاپەڕین.. نموونەی ئەو دەمەش بەرخودانی نەتەوەی کورد بەرامبەر هێرش و توانای سەربازیی دوژمنەکانی لە تۆمارکردنی (داستانی کۆڕێ) لە سنووری هەولێر و (داستانی ئەزمڕ)، لە سنووری سلێمانی دا بوو.



حکوومەتی عێراق بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان هێرشی دەسپێکرد بۆ کوردستان، سەرەتا لە کەرکووکەوە بەرەو هەولێر بەرگرییەکی ئەوتۆ نەکرا کە هێزی زەبەلاحی ڕژێم بە پشتیوانی فڕۆکە و تانکی زۆرەوە گەیشتە هەولێر و کۆچ ڕەوێکی گەورە دەستی پێکرد، دوایی بەرەو پیرمام سەرکەوت کەس خۆی ڕانەگرت، لەو کاتەدا هێزی پێشمەرگەی قارەمان بەتایبەت ڕۆڵەکانی پارتی و بارزانی لە ڕۆژی 1991/4/7دا، لە دەربەندی کۆڕێدا وەک قەڵغانێکی پۆڵاین پێشی لە پێشڕەویی هێزی سەربازی ڕژێمی عێراقی گرت و تەلیسمی ئەو سوپا دڕندەیەیان شکاند. لە دوو قۆناغدا سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمارکرد، لە قۆناغی یەکەمدا هێزی پێشمەرگەی بارزان بە ژمارەیەکی کەم گورزێکی کەمەرشکێنیان لە هێزی سەربازیی پێشڕەوکاری دوژمن دا، لە قۆناغی دووەمدا بە بەشداری لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی گورزێکی دیکەیان لێوەشاندن و، سەلماندیان ئەو سەرکەوتنە پەیامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ هێزی سەربازی دڕندەی بەعس.. کە پێشمەرگە توانای پاراستنی خاک و نەتەوەی کوردستانی هەیە، هەر بەهۆی ئەو سەرکەوتنەوە هیوا و ئومێدی گەورە بۆ جەماوەر گەڕایەوە..

هەڤاڵ عومەر عوسمان، لەو سەردەمەدا کە بەرپرسی لقی دووی پارتیمان بوو، هاوکات بەشدار بووی داستانی کۆڕێ بوو، بەم شێوەیە باسی لە ڕۆژانی قۆناغی ڕاپەڕین و جەربەزەیی و مێرخاسی و خۆنەویستی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی بۆ کردین، کە چۆن لە هەمبەر سوپای دڕندەی عێراق وەستانەوە و قارەمانانە بەرگرییانکرد و ئەو داستانەیان تۆمار کرد.

عومەر عوسمان مێرگەسۆری، گوتی: ڕاپەڕینی 1991 سەلماندی هەر کاتێک جەماوەر یەکبگرێ و یەک هەڵوێست هەنگاو بنێ هێزی سەربازی و تانک و تۆپ و فڕۆکە ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێ، قەڵای توند و گەورە لە بەرامبەر هێزی جەماوەر زۆر بە ئاسانی تێک دەشکێنێت. پاش ئازادکردنی کەرکووک و بەهێزبوونی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان، هێزەکانی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمەریکا بەبۆچوونی بەندە تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوون کە ڕێگایان بە سوپای ڕژێمی بەعسدا کەڵک لە فڕۆکەی هێلی کۆپتەر و تانک و زرێپۆش و تۆپخانە و بزاوتنی هێزەکانی وەربگرێ، ئەوە بوو کە هێرشی هێنایە سەر شاری کەرکووک و لە قۆڵی مووسڵ بەرەو گوێڕ و مەخموور هەروەها بەرەو گەرمیان و بەرەو پارێزگای سلێمانی، ئینجا بەرەو هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

ڕژێم ڕابردوویەکی ترسناکی هەبوو وەک بەکارهێنانی گازی ژەهراوی و کیمیایی و کوشتنی بە کۆمەڵ و بۆمباران و تۆپباران و، تۆپبارانی زاڵمانە لەبەر ئەوە کە بەرەو پێش دەهات وایکرد کۆچڕەوێکی بێ وێنەی ملیۆنی دروست ببێ کە لە دوایدا لە بەرژەوەندی کورد شکایەوە.

کاتێ هێزەکانی عێراق لە هەولێر بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەددین بەڕێکەوتن هێزەکانی پێشمەرگە بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی لە دارستانە بچووکەکەی مەلائۆمەر ڕێگایان بە سوپای عێراق گرت و قارەمانانە لە بەرامبەریان وەستان، بەڵام هێزەکانی دوژمن زۆر بەهێزتر بوون بەتایبەتی فڕۆکەی هێلی کۆپتەری شەڕکەر و تانک و زرێپۆش و تۆپخانەی بەهێزیان پێ بوو، پێشمەرگەش بەو چەکە سادە و ساکارانە پاش ماوەیەک ناچار بوون سنگیان بدەنە بەر ئەو هێرشە، کە ئەو قارەمانانەی لە بیرمن (شەهید خدر سوارە، شەهید وەستا یوونس، شەهید نەجمەدین گۆرۆنی، شەهید قادرە سوور، هەروەها کاک هەڵگورد) و، ژمارەیەکی تر لە هەڤاڵانمان کە هەر هەموویان سەر بە لقی (٢)ی پارتیمان بوون، دوای ئەوەی هێزەکانی ئێمە لە خانزاد پاشەکشەیان کرد دوژمن توانی سەرکەوێتە سەر هاوینەهەواری سەلاحەددین بەبێ بەرەنگارییەکی ئەوتۆ.

هەموو کەسێکی پسپۆڕی سەربازی وای بۆ دەچوو کە سوپای عێراق ڕۆژێک لە هاوینەهەواری پیرمام سەلاحەددین دەمێنێتەوە تا شوێنە تازەکەی قایم بکات، ئەوسا بەرەو کۆڕێ و بەرەو شەقڵاوە بجوڵێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە بوو. هەموو هێزەکانی (بەرەی کوردستانی) لە پیرمام هاتنەخوارەوە بە لقی (٢) و قوەتی (بارزان)یشەوە کەس وەک پێویست توانای خۆڕاگری نەبوو، تاکو هەموو هێزەکانی پەرتوو بڵاو بوونەوە و پاشەکشەیەکی تەواو دروستبوو لەوکاتەی کە ئێمە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر گەیشتینە کۆڕێ تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو لە قوەتی بارزان لە کۆڕێ مابوویەوە لەگەڵ شەهید د. سەعید.

کارە مێژووییەکان دەبێ وەک خۆی باس بکرێن ئینجا چ نێگەتیڤانە بن چ پۆزەتیڤانە بن بۆ خاوەنەکەی یان بۆ ئەو لایەی لەگەڵ باسەکەدایە، بۆ مێژوو دەیڵێم: کەسێک و لایەنێکی تر جگە لە قوەتی بارزان، مەفرەزەیەکی لقی دوو بەسەرپەرشتی بەرپرسی لق و خالید ئاژگەیی و مەفرەزەیەکی حالی دۆڵەمەڕی و حەمیدە فەندی لەوێ بوون، ئیتر کەسی تر لەوێ نەبوون کە ژمارەکەشیان زۆر نەبوون لەگەڵ هێزی دوژمن قەد بەراورد نەدەکرا. ئەم کۆمەڵە پێشمەرگەیە بەسەر شاخی دەربەندی کۆڕێ بەلای ڕۆژئاوایەوە خۆیان گرتەوە و لەبەرامبەر تانک و زرێپۆشە توندڕەوەکانی دوژمن وەستان کە دەیانویست بەپەلە خۆیان بگەیێننە شەقڵاوە، ناکرێ لەوە بێدەنگ بم، بوونی سەرۆک مەسعوود بارزانی لە شەقڵاوە و سۆران و پیرمام هۆیەکەی زۆر کاریگەر بوو لەسەر پێشمەرگە و فەرماندەکان کە بەلای کەمەوە ڕێگا بەخۆیان نەدەن بەرەکانی شەڕ بەجێبهێڵن و هەروەها توانا و گڕوتینێکی تریش بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە جەماوەر کە ڕوو لە سنوورەکان نەکەن. هەروەها ئەو وتارەی لە دەڤەری سۆران سەرۆک بارزانی پێشکەشی کرد، وتەکانی زۆر فیداکارانە بوون و کەسانێکی خاوەن غیرەت و بڕیاری خۆڕاگری و فیداکاریان دابوو، هەر بۆیەش ژمارەیەک لە فەرماندە و کادیرانی سنووری لقی (٢) بە خۆڕاگریەوە کاریان دەکرد بۆ نموونە بارەگای لقی (٢) لە شەقڵاوە تێپەڕ نەبوو لە کاتێکدا کە دوژمن گەیشتبووە (کۆڕێ) ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی مقاوەمە و خۆڕاگریە و شکست نەخواردنە، لە کاتێکدا دوژمن هێرشی هێنایە سەر (خانزاد) بارەگای لق لە پیرمام بوو کاتێک دوژمن گەیشتە (پیرمام) بارەگای لق بە هەموو شتەوە لە کۆڕێ بوو ئەمە جگە لە قوەتی بارزان و هەندێ لە هەڤاڵانی تر وەک حەمید ئەفەندی و ماموستا محەمەد مەلا قادر و خورشید شێرە و شێخەڵڵا ئیبراهیم، کاتێ شەڕی یەکەم لە کۆڕێ دەستی پێکرد هەڤاڵان حەمید ئەفەندی و د. سەعید و حالی دۆڵەمەڕی و عومەر عوسمان و خالید ئاژگەیی لە شوێنی ئەو تانکانەی ئێستا دانراون لە سەر سەکۆیەکە لەوێ وەستا بوون، شەڕ زۆری نەخایاند هێزی پێشمەرگە زۆر نەبوو هەمووی نەدەگەیشتنە پەنجا کەس، لە عەقڵدا دوورە پەنجا نەفەر بتوانێ بەلای کەمەوە لیوایەکی سوپای عێراق لە پێشڕەویدا بە تانک و زرێپۆش بشکێنێ، بەڵام ئەمە حەقیقەتێکە و من لەسەر وتەکەی خۆم بەرپرسم و، ئەو قوەتە شکاندیان کە ئەگەر بە دوایدا بڕۆیشتاینا تا پیرمام ڕژێم هەموو دەزگاکانیان بەجێ دەهێشت و ڕایان دەکرد، بۆیە دەڵێم: هێزی زۆر و زەوەند مەرج نییە، فیداکاری گرنگە.

دوای ئەوەی ئەو هێزانەی سوپای عێراق شکان و پاشەکشەیان کرد بۆ دیوی نێوان پیرمام و کۆڕێ و برادەرانی بەرەی کوردستانی ژمارەیەک لەو لاوە پەیدابوون کە شەهیدی نەمر (سەعد عەبدوڵڵا)یان لەگەڵدا بوو کاک کۆسرەت، ڕێباز، سەفینی مەلا قەرە، مامۆستا بەکر، پاڵە باوانی کانی گەورە، لە حزبی شیوعی، کە گەیشتنە لامان هێشتا تەوقەمان نەکرد، کاک کۆسرەت وت: بارزانییەکان دووبارە سەلماندیانەوە کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەن، دوای ئەوەی کۆبوونەوەیەکی سەرپێیمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی بەرەیەکی شەڕ دروست بکەین. بڕیاردرا ملی ڕۆژئاوای دەربەندی کۆڕێ بدرێتە پارتی و سۆسیالیست و شیوعی و پارتی گەل، ملی خوارووی دەربەندەکە بۆ یەکێتی نیشتمانی، ئەمەشیان لەسەر داوای خۆیان بوو، بەو شێوەیە بەرەیەکی شەڕ لەو شێوەیە بەرەیەکی شەڕ لەو زنجیرە بەرزاییەی خوارو و ڕۆژئاوای دەربەندی کۆڕێ دامەزرا، بەڵام ئەو شەوە کەسێک وەک هێزێک دیار نەبوو کەسیان لە بەردەست نەبوو تەنها قوەتی بارزان هەبوو، ئەوانەی لەوێ بوون لەگەڵ ژمارەیەک هێزەکانی لقی دوو کە تا شەقڵاوە چووبوون هەولمان دا بیان نێرینەوە بۆ بەرزاییەکان ئەوە بوو شەهیدان خالید ئاژگەیی و شەهید خدر سوارە و هەڤاڵانی تر کە دوایی هەر هەموویانمان ناردنەوە پێشەوە کاک حەمید ئەفەندی لەگەڵ دکتۆر سەعید داوایان لێم کرد کە ئەو قوەتانە بنێرمەوە لایان و داوای فیشەک و نانیشیان لێکردین. من وەک بەرپرسی لقی دوو گەڕامەوە لای هەڤاڵان لە شەقڵاوە و زۆر بە توندی داوام لێکردن ڕوو بکەنەوە بەرەی شەڕ. یەکەم کەس کە هەڵسایە سەر پێ خدر سوارە لەگەڵ مەهدی عەزیز دوایی مەهدی برینداریش بوو و ئێستاش ماوە و قاچێکی شەل بووە و، ئەوان بەرەو کۆڕا جوڵانەوە و منیش هەوڵی فیشەکم دا ئازادی کوڕی عوسمان بەگی میران هات گوتی: لەسەر فەرمانی باوکم هەندێک فیشەکی (بی کەی سی) و (کلاشینکۆف)م هێناوە. بەڕاستی زۆر مەمنوونی بووم، گوتی: ئەمە باوکم ناردوویەتی بۆ تۆ کە شەش سندووق بوون بەڕاستی من هەرگیز لەبیری ناکەم، نانەکەش هەر ئەو دەم شەهید محەمەد مام وسوئاغا کۆڕکەیی یەک پیکاب نان و خورما و هێلکەی پێگەیاندین، بە پەلە ئەو نان و فیشەکەم گەیاندە حوجران و دامە دەست کاک حەمید ئەفەندی و دکتۆر سەعید و دابەشیان کرد، ئەو شەوە جەبهەکەمان قایم کرد و دووسێ ڕۆژی پێچوو دووبارە دوژمن هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر لای ڕۆژئاوای بەرەی شەڕ لە دەربەندی کۆڕێ سەرەتای شەڕەکە لەگەڵ قوەتی بارزان بوو و دەست بەجێ شەهید و بریندارێان دا و شەوێکی باراناوی و سارد و ناخۆشیش بوو، بەڵام تەنها یەک دوو ڕەبایە گیران ئەوانی تر پاشاکشەیەکی کەمیان کرد، بۆیە بەیانییەکەی هێزەکانی تازە نەفەس لەلایەن سەرۆک (مەسعوود بارزانی)یەوە هاتن و ئەوانیش سەرکەوتنە سەرەوە، لەجێی خۆیەتی بڵێم سەید کاکە هات و من خۆم لە حوجران ڕێنماییم کرد بۆ لای سەرووی ئەرماوان کە د. سەعید و ئەوانی لێ بوون. تۆپەکەی حەسەن نەجار کە 106 بوو لە حوجران ڕۆڵێکی باشی دەگێڕا لە ڕەبییەکەی دوژمن، مەجالی سەرهەڵهێنانی پێنەدەدان منیش جاروبار دەچوومە لای و هاوکاریم دەکرد ئەو ڕۆژە جەماعەتێکی حزبولڵا بەشداری شەڕەکەی کرد شەڕ تا نزیکەی نیوەڕۆ بەردەوام بوو دوژمن بە هەموو چەکێ هەوڵی پاراستنی ئەو بەرزاییەی دەدا تاکو دەستەیەکی پێشمەرگەی قارەمان بە فیداکارییەکی کەموێنە لە دەربەندەکەوە بۆیان سەرکەوتن بە (نارنجۆک) و (ئارپی جی) ڕەبایەکانیان لێستاندن و دوژمن شکستی ئەوتۆی هێنا کە دەیان لاشەی کەوتە مەیدان. هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە بەرزایی ئارماوان بۆیان هاتن و لەسەر جادەکەوەش پێشمەرگە بۆیان هاتن، سەرئەنجام بووە شکستێکی مێژوویی ئەوتۆ کە چەند تانک و زرێپۆشیان لێگیراو دەیان پارچە چەک و هاوەن و چەکی ورد و درشت کەوتە دەست پێشمەرگە و ژمارەیەک ئەسیرکران. ئەوسا حکوومەتی عێراق پەیوەندی کرد و وەفدی وتووێژ بەڕێکەوت هەر لەو ڕۆژەوە دوژمن پاشەکشەی کرد و ئاگربەستیش لە لایەن هاوپەیمانانەوە ڕاگەیێندرا و کۆڕێ بووە داستانێکی لە بیر نەکراو، بووە سەروەرییەکی بێ وێنەش بۆ ڕۆڵە نەبەزەکانی پارتی و بارزانی و گەلی کورد بەتایبەتی لەو قارەمانانەی ڕۆژی یەکەم، واتە شەڕی یەکەمی کۆڕێ کە حەقیقەت هونەرەکە بۆ ئەوانەی کە تەلیسمی ترسیان شکاند و لەشکرە بەهێزەکەی بەعسیان بۆ یەکەمجار پاش ڕاپەڕین تاقیکردەوە بۆ یەکەم جار مستێکی ئاسنینیان لە لووتی سوپا هێرشکەرەکەی بەعس دا، بڕوانامەی قارەمانانەیان لە ڕێبازە پیرۆزەکەی پارتی و بارزانی نوێ کردەوە و تا مێژوو هەبێت باسیان دەکرێ. داستانی کۆڕێ زۆر گرینگە و زۆر مەزنە بۆیە هەموو کەس دەیەوێ سەروەری خۆی لەو داستانەدا ڕاست یا ناڕاست باس بکات، لەو کەسانەی کە لە داستانی کۆڕا دابوون زۆربەیان شەهیدی ناودارن، زۆربەیان بڕوانامەی قارەمانی و سەروەریان بە خوێنی خۆیان وەرگرت، لە کۆتاییدا دەڵێم: هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان و سڵاو بۆ ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی بەشداری داستانی کۆڕێیان کرد و سەروەرییان بۆ کورد و کوردستان تۆمارکرد.



### پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر

# هەولێر.. لە قەیرانەکانەوە بەرەو شکاندنی غروری بەغدا



**بەدرخان زاوێتەیی**

ڕوون و ئاشکرایە، کە لە سەرەتای 2014ەوە بەغدا لە هەوڵی ئەوە دایە ڕۆڵی هەرێم بەرتەسک بکاتەوە و لە کۆتاییدا هەر نەیهێڵێت، واتە ئیدی شتێک نەمێنێتەوە لە ناو عێراق بە ناوی فیدرالیزم بەداخەوە هەندێک لە حزبە کوردستانییەکان ئەم سیاسەتەیان پیرۆز کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش یارمەتی بەغدایان داوە و ئێستاش هەر بەردەوامن.

ئەمەش زیاتر بوو پاش ریفراندۆمی 2017/9/25 بۆ سەربەخۆیی کوردستان. پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و خیانەتی هەندێک لایەنی کورد و ڕێکەوتنیان لەگەڵ حەشد و رادەستکردنی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە بێ شەڕ و ئیدی ئەوە بوو حکوومەتی عێراق دەستی بە مامەڵەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ هەرێم کرد وەک زیندانێک بێت. بەڵام هەموو هەوڵەکانی فەشەلی هێنا بەتایبەتی پاش سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ پاریس و بەرلین و پێشوازیکردنی وەک سەرۆک وەزیرانێک و نوێنەری کورد. ئێستا ئاماژەکان جەخت دەکەنەوە بەغدا دەبێتە مەیدانی ململانێیەکی گەورە لە نێوان سیاسییەکان لەلایەک و لە نێوان ئەجێنداکان، کە عێراقی بەم قۆناغە گەیاندووە.

کاتێک نێچیرڤان بارزانی لە 2018/1/20 سەردانی بەغدای کرد و دواتر سەردانی تارانی کرد و دواتر چوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی داڤۆس لە سویسڕا، ئینجا بەشداری لە کۆنگرەی میونیخ کرد و زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردەگەلێک و وەزیرانی دەوڵەتان کرد بەتایبەتی کۆبوونەوەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق، ئەو کاتە زۆر لە کۆتەکانی شکاند، کە بەغدا بەسەر هەولێری سەپاندبوو و ناچاری کرد دانووستاندن لەگەڵ هەولێر بکات بەبێ ئەوەی هیچ یەک لە مەرجە ئەستەمەکانی عەبادی جێبەجێ بکات بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانەوە هەبوو.

شلوخاوی عەبادی و درۆودەلەسە بەردەوامەکانی چ لەگەڵ هەرێم لەبارەی فڕۆکەخانەکان و مووچە و چ درۆ شاخدارەکانی لەگەڵ سونە و لایەنە سیاسییەکانی دیکە و بەهەند هەڵنەگرتنی بانگەشەی زۆربەی دەوڵەتان، کە داوایان لێ دەکرد دانووستاندن لەگەڵهەرێم بکات و گرفتەکان چارەسەر بکات بە پێچەوانەوە بەردەوام بوو لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی کات کوشتن و دروستکردنی پشێوی لەگەڵ ئەوەشدا هەرێم ئامادە بوو بە هەموو شێوەیەک کێشەکانی لەگەڵ چارەسەر بکات.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی، کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و داوودەزگەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر هێڵ بن و بۆ ئەم مەبەستەش مەرجی گەورەیان بەسەر بەغدا دا سەپاند بەرامبەر چارەسەرکردنی گرفتەکان لەگەڵ کوردستان وەک سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی فشارێکی زۆری خستە سەر بەغدا دوورکەوێتەوە لە سیاسەتی تایفەگەرییێتی و نەژادپەرستی، کە بەرامبەر کورد تەبەنی کردبوو، کە دواهەمینیان ڕەتکردنەوەی قانونی بودجەی 2018ی عیراق حکومەتی بەغدای ناچار کرد چەند هەنگاوێک باوێت بۆ خۆپاراستن لە سزای نێودەوڵەتی پەیوەست بە بانکەکان، کە لە ناو هەرێم کاردەکەن و هەڵگرتنی ئابلوقە لەسەر فڕۆکەخانەکان و بڕیاری دانی مووچە بە بەشێک لە فەرمانبەرانی هەرێم و ئەمەش شکاندنی کۆتێکی تر بوو، کە عیراق خستبوویە سەر کوردستان و هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی ئەو دبلۆماسیەتە بوو، کە حکوومەتی هەرێم تەبەنی دەکرد.

نێچیرڤان بارزانی پێی وایە شەڕ ماڵوێرانییە بۆ هەموو لایەک و هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ قەناعەت بە بەغدا بێنێت زەرورە دانوستاندن بکات و خۆی لە ململانێ چەکداری و خنکاندنی سیاسیی و نەتەوەیی و تایفی بپارێزێت، کە لە نێوان هەر دوو لادا ڕوودەدات، بەڵام بەغدا جددی نەبوو و گرەوەی لەسەر ئەنجامی ئابلۆقەکە کرد پێی وابوو قەیرانەکان پشێوی لە ناو هەرێم دروست دەکات و حکوومەتی هەرێم ناچار دەکات مەرجەکانی قبوڵ بکات و ئەوەیش لەلای خۆیەوە بە هەموو قەیرانەکانییەوە بەغدا دەسەڵات بەسەر هەموو هەرێم دا دەکێشێت.

سەردانی وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بۆ هەولێر و بەشداریکردنی کوردستان جیا لە عیراق لە کۆنگرەی کوێت بۆ بنیادناوەی عیراق وەک گورزێکی کوشندە بوو لە بەغدا و هەموو ئەو کۆتانەی شکاند، کە بەغدا بەسەر هەرێمی سەپاندبوو و نامەیەکی ڕوون بوو بۆ بەغدا و دەوڵەتانی ئیقلیمی بەرامبەر کورد، واتە ئەوەی لە کەرکووک و عەفرین ڕوویدا بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەرخست گەلی کورد چ زوڵمێکی لێ دەکرێت لە ناوچەکەدا و لە کۆتاییدا ڕەوشەکە لە دژی ئەو دەوڵەتانە دەکەوێتەوە و ناوچەکە پێ لە قۆناغێکی نوێ دەنێت و لە کۆتاییدا دابەش دەبێت.

پێدەچێت ململانێی هەڵبژاردنەکان لە عیراق، کە هەموو لایەک جەختی لێ دەکەنەوە، کە لە کاتی دیاریکراوی خۆی ناکرێت، ئاخر عیراق هەموو دەستپێشخەریەکی ڕەتدەکردەوە بەپێی دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا عەبادی لە گۆشەیەکی زۆر بەرتەسک گیر کرد و دەوڵەتان دواهەمین هۆشدارییان پێ دا، یان ئەوەتا لەگەڵ هەرێم دەست بە دانووستاندن دەکەیت و کێشەکان چارەسەر دەکەیت، یان دان بە ئەنجامی ریفرانۆدم دادەنێین و ئەمە عەبادی ناچار کرد ئەو هەنگاوانە باوێت وەک دەست پێشخەریەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەڵام هەموو ئاماژەکان جەخت لەوە دەکەنەوە پاش دانپیانانی ئەمەریکا بە قودس وەک پاستەختی ئیسرائیل و ڕاگەیاندنی هەڵوێستی بەرامبەر شەڕی عەفرین و ئەمەریکا خەریکە ئیستراتیژیەکی نوێ لە ناوچەکە جێبەجێ بکات و بۆ ئەم مەبەستەش تیلرسون وەزیری دەرەوەی گۆڕی و مایک بۆمبیوی لە جێی دانا ناوچەکە گۆڕانکاری و دابەشکردنی گەورەی بەسەر دا دێت، کە دەبێت سەرکردایەتی کورد خۆی بۆ ئامادە بکات بە هەموو شێوەیەک بۆ سەپاندنی بوونی خۆی لەسەر ئەرزی واقیعی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەش ئەو شتەیە، کە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم دەیکات، کە سەرەتا بە شکاندنی کۆتاکان دەستی پێکرد و پاشانیش خۆی بۆ قۆناغە نوێیەکە ئامادە دەکات.

**و. لە عەرەبییەوە:**
**شوان سەرابی**